# وەرە با بۆیەک بژین

سارا عومەر، دانیمارک
21.10.2006
Xozga86@hotmail.com



وەرە و
با لە زەردەپەڕی ئێواراند
هەردوو پێکەوە
لەگەڵ دەریا سەما بکەین
بەرزەبەرزانی لوتکەی چیاکان
بکەینە خەون و
لەدوورەوە سەیریان بکەین
ببینە بازنەی چەشناو چەشن و
بە یەکجاری لەئامێزی خۆزگەکاندا
بۆ یەک بژین
.........

وەرە و
با لێرەوە
دەست لە گەڕۆکی و

کوچەگەڕی هەڵبگرین و
لەم ساتەوە
کانییەکان بخەینەوە سەر فەڕ
بارانی میهرەبانی
لە چاوە ئەسرینەکانی یەک
بۆ یەکدی بڕێژین
ئیتر
با لە قووڵایی مەرگەوە بۆ یەکدی نەدوێین
زرینگە زرینگی وەهمە شومەکانی
ناو سەرمان بەرپادبکەین
دوکەڵی برینە دوورە مەرهەمەکانمان
بدەینە دەم کزە(با)
تا بیبات
بیبات لەگەڵ خۆی
.......

وەرە و
با لە چاوانی یەکدیدا
وەک شەست پەڕێک بتەقێینەوە
وەک گوڵێکی سووری ئەوین
بەناو ڕۆحی یەکدیدا
پەرشببینەوە!
بارانی ڕەنگاو ڕەنگ
لە پەڵەی هەورەکان ببارێنین
وەک و لاولاوێکی گەڵا سەوز
بەناو قەد و باڵای یەکدیدا درێژببینەوە!
........

وەرە و
با چیتر ئاسەواری پەنجە لەرزۆکەکانمان
لەسەر هیچکام لە تاقی پەنجەرە عاسیبووەکان
جێنەهێڵین

با لەناو وردەی شەپۆلەکاندا
بە چاوی نووقاوەوە مەلە بکەین
ماچی یەکە بە یەکەی
بەرد و لمی
قەراغ ڕووبارەکان بکەین
ماڵێک لەئامێزی شەپۆلەکاندا دروست بکەین و
چاوەکانمان
بە خڵتە و لیتاوی
دووای هاتنی زریانەکان لە کلبدەین!
........

وەرە و
با تێکەڵی سەفەری پەپوولەکان ببین و
وەک هاوسەفەر
لەگەڵ ئەوان
بۆلای شیلەی گوڵەکان بفڕین و
هەر لەگەڵ ئەوانیش
لەقەراغ زەریاچەو جۆگەلەکاندا
لەسەر بەردێکی هەمیشە سەنگین
دواهەمین ماچ و
دواهەمین ئەوین ئاڵوگۆڕ بکەین!
........

وەرە و
با دەست بخەینە ژێر سینەی یەکتر و
وەک دوو منداڵی ئێسک سووک
بەناو زۆنگاوەکانی غوربەتدا
بەرەوکۆتای
هەڵبێین و مەلە بکەین
لافاوە سەیرەکانی تاریکی
ببەینەوە بۆ ئامێزی تیشک و
غەمە پەنهاکان لە تووانەوەیەکدا

ساڕێژ بکەین
تارکی پڕبکەینەوە لە ڕەنگ و
ماڵە غەمگینە بێسرەوتەکانی دڵمان
ڕۆشن بکەین
........

وەرە  و
با لەبازنەی گەواڵە هەورەکاندا بۆ یەک بژین
با خەمۆکەکانی چوواردەورمان
لەبناغەوە بلەقێنین و
بوومەلەرزە ئاسا
بیانڕوخێنین
با لێرەوە
لە فیڵی نیگاشێواوەکان بگەین و
خۆمان
بە پێنوسی خۆمان
نیگای نوێتر بنەخشێنین!
با خەندە تاڵ و گریاوەکان
کۆتای پێبهێنین و
ئێواران بکەینە ئاوێنە
بۆئەوەی هەر ڕێگایەک یەخەی پێگرتین
دوواتر بمانهێنییێتەوە سەر ڕێگای ئاوێنەکان!
........

وەرە و
با ببینە دوو کۆتری سپی ڕەنگ و
بەتروکاندنی چاوەکانمان
ئەوین بۆ یەک ببارێنین
با وەک تەرزی مێو
لەیەکتری بئاڵێین و
بۆنی گوڵاوی گەردنی یەک هەڵمژین
هەناسەکانمان ئاوێتەی یەکتر بکەین و

**سەمای ژیانێکی بێکۆتای بنوێنین!**
**با دوا تنۆکی تەڕایی لێوەکانی یەکتر بمژین**
**با تا دوا گەیشتن بە لووتکەکانی حەز**
**یەکتری تێر تێر بگوشین!**
**..........**

**وەرە و**
**با ئیتر لە ترسی شەوەکاندا نەژین**
**کە ئاوا نابێت!**
**با بۆ سروەی بەیانییەک گوزەر بکەین**
**کە هەردووکمانی تێدا**
**بۆیەکەم جار لە دایک ببین!!**